# انترناسیونال

## شیعری ئۆژن پوتیه؛ وەرگیران بو کوردی: ریبوار

هه ستن ئەی هوزی بەش مەینەتان؛
دیلانی برسیەتی دنیا!
له تەنوورەی بیروباوەرمان
قرمژنی تریشقه راسا.
تەنوورەی ئاخرینه؛ هەستن؛
با هەلی پیچین دەورەی کون!
رابین و ژیره و ژوور کەین جیهان؛
ئیمەی هیچ بین به گشت، ئەی کویلان!

ئاخرین شەره شەری سەرومال
با یەکگرتوو بین هەوالان!
به ئەنترناسیونال
رزگار ده بی ئینسان.

دەسەلاتدار رزگارمان ناکەن؛
نه شا، نه شیخ، نه ئاسمان.
با خومان بو رزگاری رابین،
ئەی خیلی بەرهەمەینەران!
رزگاری گشتی بی و رەها کەین
گیان له بەند و مال له تالان.
خومان ئاگر خوش کەین و بوکتین
به گەرماوگەرمی ئاسنمان.

ئاخرین شەره شەری سەرومال
با یەکگرتوو بین هەوالان!
به ئەنترناسیونال
رزگار دەبی ئینسان.

ئیمەین کریکاران و وەرزیران:
کومەلی مەزنی زەحمەتکیش.

هەر بە ئیمە دەبری جیهان؛
تا کەی بو تەوەزەلی خوین ریژ؟!
بەلام ئەمرو و سبەی، ئەی هەوالان،
هەر کە فەوتان قەل و دالان،
هەتاوی گەش هەتا هەتایە
تیشک داویژی بو ئینسان.

ئاخرین شەرە شەری سەرومال
با یەکگرتوو بین هەوالان!
بە ئەنترناسیونال
رزگار دەبی ئینسان.